# کوڕه  بێزراوه‌کانی ئۆپۆزیسیۆن

**ئیسماعیل حه‌مه‌ئه‌مین**



کوڕ و کچه بێزراوه‌کانی نێو خێزانه‌کان، کورد گووته‌نی وه‌کو گوونی قۆڕ وه‌هان، ده‌یبڕی هه‌ی وه‌ی ونایبڕی هه‌ی وه‌ی..کوره بێزراوه‌کانی نێو خێزانه تە‌قلیدیه‌کان، هه‌ر به‌ناو کوڕن،باوک وبرا وخوشکه‌کانی دیکه جارجاره باسیان ده‌که‌ن، ئه‌ویش کاتێک له‌به‌رده‌می غه‌ریبه‌یه‌کدان وغه‌ریبه‌که هه‌واڵیان ده‌پرسێت. ده‌نا که‌س حه‌ز به‌باسکردنیان ناکات. کوڕه بێزراوه‌کان ئه‌وانه‌ن له‌ماڵدا دێن وده‌چن وده‌خه‌ون، به‌ڵام که‌س لایان لێناکاته‌وه، خه‌رجی خۆیان وه‌رده‌گرن و له‌ژێر سایه‌ی باوک و براو  خوشکدا ده‌ژین، به‌ڵام هه‌میشه سوچێکی بێزراویان هه‌یه، به‌رده‌وام بارێکی قورسن به‌سه‌ر خێزانه‌کانه‌وه‌و، هه‌موو کاتێکیش له‌ژێر هه‌ڕه‌شه‌ی فڕێدانه سه‌رجاده‌ن. دیاره من باس له‌و کوڕو کچه بێزراوانه ناکه‌م که‌ڕیزپه‌ڕی زۆر نه‌ریت و به‌های ته‌قلیدی خێزانه‌کانن وبێزراویان بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه ده‌سه‌ڵاتی باوک وبراو خوشکه ته‌قلیدیه‌کان به‌و شێوازه قبوڵ نیه. به‌ڵکو باس له‌و کوڕو کچه بێزاراوانه ده‌که‌م له‌به‌ر هه‌ر هۆیه‌ک بێت بێزراون وته‌ریک کراون له‌تۆڕی په‌یوه‌ندیه‌کان. ئیدی چیرۆکی کوڕ و کچی بێزراوه‌کان، چیرۆکی ئه‌و گوونه قۆڕه‌یه که‌ده‌بێت پیاو  له‌گه‌ڵیدا بژی.

کوڕی بێزراو دووجۆره یه‌که‌میان ئه‌وه‌یه،که‌باوک وبراته‌قلیدیه‌کان به‌بێزراوی ته‌ماشات ده‌که‌ن. که‌ئه‌مه‌ش ئاساییه مادامه‌کی من و تۆ بڕیارمان داوه له‌نه‌ریته باوه‌کان هه‌ڵگه‌ڕێینه‌وه وخه‌ونێکی دیکه‌مان هه‌یه بۆ دنیای خۆمان و چوارده‌وروبه‌ر. له‌به‌ر ئه‌وه بێزراویمان شتێکی نامۆ وچاوه‌ڕوان نه‌کراو نیه. دووهه‌میان ئه‌وه‌یه که‌له‌به‌ر لاوازی و شوێن نه‌بوونه‌وه، خۆت  له‌به‌رگی (کوڕی بێزراودا) بدۆزیته‌وه‌و هاوئاوێزانی ئه‌و ڕۆڵه‌بیت وبه‌رگه‌ی ئه‌وه نه‌گریت به‌بێزراوی بمێنیته‌وه!. هه‌موو هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌یه‌کت بۆ ئه‌وه بێت بگه‌ڕێیته‌وه بۆ دیوه‌خان وله‌لای ده‌رگای دیوه‌خانه‌وه دانیشیت. نمونه‌ی یه‌که‌میان ئۆپۆزیسیۆنه، ده‌رۆزه ناکات به‌ڵکو خه‌ونی بنیاتنانه‌وه‌ی ماڵێکی نوێی له‌گه‌ڵ خۆیدا هه‌ڵگرتووه، دووهه‌میان ده‌رۆزه‌که‌رێکی به‌رده‌وامی به‌رده‌می دیوه‌خانه‌کانه، که‌زۆر جار له به‌رگی ئۆپۆزیسێۆندا خۆی نمایشده‌کات.

چیرۆکی کورد له‌سه‌ر ئاستی ده‌وڵه‌تی و سیاسی، چیرۆکی ئه‌و کوڕه بێزراوه‌یه، که‌هه‌موو جارێک به‌پاڵ له‌ماڵی باوکی ده‌ریده‌که‌ن، شه‌و نیوه‌شه‌و به‌کزی و ترسه‌وه له‌ده‌رگای پشته‌وه خۆی ده‌کاته‌وه به‌ماڵدا، ئه‌وه ده‌خوات که‌له‌موبه‌ق ماوه‌ته‌وه و بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رمای نه‌بێت به‌تانیه‌کی (حوکمی زاتی ولامه‌رکه‌زی ومفاوه‌زات و گله‌یی له‌ئه‌مریکایه‌کان) بۆ خۆی په‌یدا ده‌کات. به‌درێژایی شه‌ویش له‌و ترسه‌دا ده‌ژی نه‌بادا به‌یانی جارێکی دیکه توڕیبده‌نه ده‌ره‌وه وفه‌رامۆشی بکه‌نه‌وه، کزومات چاوه‌ڕوانی ڕه‌حمه‌تی یه‌کێکی دیکه‌یه له‌سوچێکیشدا ئاوڕی لێبدنه‌وه. نابێت ئه‌وه‌شمان له‌بیربچێت هه‌رچیه‌کیش له‌و ماڵه‌دا ڕووبدات به‌سه‌ر ئه‌ودا ده‌شکێته‌وه وگه‌ر تۆزێکیش هه‌ڵگه‌ڕێته‌وه وده‌نگ به‌رز بکاته‌وه، ئه‌وا لای ئه‌وانی دیکه هیچ گرنگیه‌کی نیه، چونکه ده‌زانن توانای هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌ی  تاوه‌کو ده‌رگای حه‌وشه برناکات، چجای بچێته ئه‌و دیوو ده‌رگاو شه‌وانه له‌سه‌ر شه‌قام و بانه‌کان بخه‌وێت وحه‌یای خێزانه‌که‌ی به‌رێت و ببێت به هه‌ڵگه‌ڕاوه‌یه‌کی ڕاسته‌قینه وشوێنایه‌کی هه‌بێت له‌هاوکێشه‌ی زۆرانبازیه‌کاندا. کوڕی بێزراو له‌ده‌ره‌وه‌ی ئه‌م هاوکێشه‌یه‌یه، چه‌نده بقیژێنێت وله‌ماڵ بچێته ده‌ره‌وه، هه‌موو که‌س ده‌زانێت ماڵیه وله‌گه‌ڵ یه‌که‌م قۆڕه‌ی سکبرسێتی ملده‌داو شۆرباکه‌ی هه‌ڵده‌قوڕێنێ.کاره‌سات له‌وه‌دایه کاتێک ئه‌م (کوڕه بێزراوه) بیه‌وێت ڕۆڵی خۆی بگۆڕێت، بیه‌وێت وێنه‌ی خۆی بگۆڕێت، بچێته به‌رگێکه‌وه که‌به‌رگی ئه‌و نیه‌و له‌توانای ئه‌ودا نیه.ئه‌وسا له‌کوڕی بێزاره‌وه، ده‌بێته قۆشمه‌چی هه‌موو دنیا.

ئه‌م وێنه‌ی له‌سه‌ره‌وه بۆ (کوڕ و کچی بێزراو) سکێچکاریم کرد، پشته‌وێنه‌یه‌کی سایکۆلۆژیه، له‌پشت ته‌واوی په‌یوه‌ندیه کۆمه‌ڵایه‌تیه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌ی کوردیه‌وه ڕاوه‌ستاوه‌و قسه و لێکۆڵینه‌وه‌ی زۆر هه‌ڵده‌گرێت. هه‌ر له‌په‌یوه‌ندیه خێزانیه‌کانه‌وه بیگره تاده‌گاته نێوه‌ندی ڕۆشنبیریمان وتاوه‌کو پێکهاته‌ی ده‌سه‌ڵات خۆی درێژده‌کاته‌وه. پشته‌وێنه‌ی بزواته‌کوردیه‌کانه له‌هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌یاندا له‌به‌ها کۆنینه وده‌سه‌ڵاته دیسپۆته‌کان، وێنه‌ی سه‌رکرده‌کانه که‌هه‌ڵگری ئاڵای ئازادین، وێنه‌ی ئه‌و ڕۆشنبیرانه‌ن به‌رگری له‌دیموکراسی ده‌که‌ن، وێنه‌ی ئه‌و لاوانه‌ن ده‌یانه‌وێت شه‌ڕی نه‌وه‌کان بکه‌ن. له‌هه‌موویاندا وێنه‌ی ئه‌و کوڕه زه‌ق ده‌بێته‌وه که‌بێزاره له‌ماڵ، به‌ڵام به‌بێ ماڵی کۆنینه‌ش توانای پێکهێنانی ماڵی خۆی نیه، گه‌ر ماڵه کۆنینه‌ش ڕووخا، فرسه‌تیشی بۆ هه‌ڵکه‌وێت بۆ ژیانی نوێ، ئه‌وا  وه‌ک ماڵه کۆنینه‌که‌ی باوانی بنیادی ده‌نێته‌وه.

لەسەر ئاستی مێژوویی لەوەتەی کورد هەبووە دژی یەکدی شەڕی کردووە و ملی یەکدی شکاندووە، بەڵام لەدواجاردا گەڕاوەتەوە بۆ باوەشی باوک وئەو ماڵ وتەکیەی، کاتی خۆی بەدەرکراوی و تێهەڵدراوی لێوەی هاتۆتە دەرەوە. ئەوەی (شەرفنامە) بخوێنێتەوە ئەو ڕاستیە تاڵەی بۆ دەردەکەوێت، چیرۆکی سەربڕینی براوخوشکەکان لەپێناو دەسەڵات ولەدواجاریشدا گەڕانەوە بۆ باوەشی سوڵتانە سلجوقی وتورک وئەمیرە عەرەبیەکان، چیرۆکی زاڵی ئەو مێژووە بووە. ئەم وێنەیە تاوەکو ئێستا دووبارەبونەوەی هەیە ولەهەموو سەردەمەکاندا لەفۆرمی جیاوازدا خۆی بەرهەمدێنێتەوە، وێنەی ئەو (کوڕە بێزراوەی) سەرەڕای چیرۆکی دوورودرێژی هەڵگەڕانەوەی لەسوڵتانەکان هەوڵدەدات لەلایەن باوک وبراکانیەوە ئیعترافی پێبکرێت، ڕازیە بەشوێنای کوڕی بێزراو، ڕازیە بەبەتانیە شڕو شۆربای خزمەتچیەکان. لەبەر ئەوە سەیر نیە (سەدام حوسێن) بەئاشکرا و بەقەناعەتەوە، شۆڕشی کوردی، بە(هەڵگەڕانەوەی کوڕە عاجزەکان) دەشوبهاند!.

ئەوەی ئەمڕۆش سەیری هاوکێشەی سیاسی ئێراقی بکات، ئەو ڕاستیە سادەی بۆ دەردەکەوێت،کورد جگەلەپێگەی (کوڕی بێزراو) نەبێت لەحکومەتی ئێراقیدا هیچی دیکەی وەرنەگرتووە. گەر ئێمەی کورد فێڵی سەرۆک کۆماری کوردو وەزیری کوردیمان لەحکومەتی ئێراقیدا پێقووت بچێت، ئەوا نەبەغەیرە کوردەکانی نێو حکومەتی ئێراقی ونەبەدراوسێ ونەبەئەمریکیەکانیش قووتدەچێت!. سەرۆک کۆماری ئێراق ئەوەندەی لەچاوی ئەوانەوە شوێنایەکی ڕووکەشیە، ئەوەندە لەهاوکێشە سیاسیەکاندا بەهێند وەرناگرێت. هەمووان چیرۆکی بەڕێز تاڵەبانی وجەعفەریمان لەبیرە، ئەم چیرۆکە لەڕووی ڕووکەشیەوە گۆڕاوە بەڵام لەجەوهەردا هەر وەک خۆیەتی. سەرۆک وەزیران (مالیکی) دەچێت بۆ دەرەوە وهەر قسەی ئەوە بەسەر هەموو ئێراقدا بڕیارە وهەر ئەویش لە کۆشکی سپی پێشوازی لێدەکرێت وهەر ئەویشە لەگەڵ بۆش و سەفیری ئەمریکیدا دەکەوێتە زۆرانبازی سیاسیەوە.

سەرۆکی ئێراق هەر لەسەرەتاوە دەیویست ڕیزپەڕی ئەو ڕۆڵە تەریکە بکات، بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبوو، هۆکارەشی سایکۆلۆژی بوو، نەک ئایدۆلۆژی و هاوکێشەی تەرازووی هێزە سیاسیەکان. بیرتان نەچێت، نەرمکردنەوەی ئەو ڕۆحە هەڵگەڕاوەیی سەرۆک بەپڕۆسەیەکی زۆر لەوەکورتخایەنی ڕاهێناندا تێپەڕی، کەعەرەبە تائیفیەکان وقەومەچیەکانیش ئاوەها کورتخایەن مەزندەیان نەدەکرد!. ئێستا ئەو تۆزە ڕۆحی هەڵگەڕانەوەیەشی بەخشیەوە بەبرائەسڵیەکانی نێو ماڵی حکومەتی ئێراقی قەدیم. ئیدی بینیمان تاوێک پشتگیری خەونەکانی کۆنەبەعسیەکی وەک (ئەیاد عەلاوی) کرا کەلەژێر ناونیشانی (ئاشتبوونەوەی نیشتمانی) خۆی نمایشدەکرد، لەژێر ئەو ناونیشانەدا لابردنی یاسای بنەبڕکردنی بەعس وڕێکەوتن لەگەڵ بەعسیەکانیان بووە پڕۆژەیەکی سیاسی!. بینیمان بەپارێزەری تاوانبارێکی وەک عەلی کیمیاوی (بەدیع عارف) دەگوترێت: ئێمە هەڵەبجەمان بیرچۆتەوە و تاوێکیش ئیعلانی ئەوە دەکرێت، کەئێراق ناسنامەیەکی عەرەبی هەیە و ئەمە جگەلەتەرەکردنی ئەندامی پارتەکەی خۆی کەلەسەر یاسای نەوت، دژی بۆچوونی حکومەتی ئێراقی قسەیان کردووە!.

چیرۆکەکە درێژە و دوا وێستگەشی تاوانی جینۆساید و بەکۆمەڵ کوشتنی کوردە کەلەبەر خاتری عەرەبە قەومەچیەکان نەک ئیدانە نەکرا، بەڵکو فەرماندەی ئەو بەکۆمەڵ کوشتنەی بە(بەجێهێنانی ئەرکی نیشتمانی ) لەقەڵمدراوە، وەک لەحاڵەتی تاوانبار (سوڵتان هاشمدا) تاوەکو ئێستا کاری بۆ دەکرێت. دیارە من لێرەدا باس لەوە ناکەم کەسنوری دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار فراوانتر بێت، چونکە لەوبڕوایەدام گەر لەوەزیاتریش فراوانتریش بێت، ئەوا هەر بەڕێزی بەدەستی خۆی، دەیکاتەوە بەماڵە کۆنینەکەی عەرەبی قەومەچی و تائیفیدا، خۆزگە پێچەوانەی ئەم ڕایەم لەسەر ئەرزی واقیع دەبینی.

ئەوەی لەخزمەتی ئەم گوتارەدایە، وێنەی (کوڕی بێزراوە) کەپشتە وێنەی سایکۆلۆژی و جوڵێنەری بزواتە سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی مرۆیی کوردە، باڵاترین نمونەش ئەو نمونەیەی سەرەوە بوو. بەم شێوەیە (کوڕی بێزراو) دەسەڵاتی باوک تائەوکاتە ڕەتدەکاتەوە کەجێگەیەک وەردەگرێت لەماڵدا، بەڕای خۆی بەغەدر و ناهەقی لێیان سەندۆتەوە. دەنا ئەو کەسە نیە خەونی بیناکردنی ماڵێکی تازەی هەبێت، خەونی ماڵی نوێ خەونێکە دوورە لەم فیگورەی کەناوی کوڕی بێزراوە. لێرەوە دەتوانم بڵێم کوڕی بێزراو هەڵدەگەڕێتەوە بەڵام هەر لەسەرەتاوە بەخەونی بچوک وگەڕانەوە بۆ ماڵەوە دەستپێدەکات، بەمانای چرکەساتی هەڵگەڕانەوەی،چرکە ساتی ختورەی گەڕانەویەتی بۆ نێو ماڵ. ئەمەش نەک تەنها لەسەرئاستی پەیوەندی کورد وهێزە بێگانەکاندا بەڕوونی دەرکەوتووە، بەڵکو لەسەر ئاستی ماڵی کوردیش، هەموو هەڵگەڕانەوە و ئۆپۆزیسیۆنێک ئەو فیگورە بوون کەلە بەرگی (کوڕی بێزراودا) خۆیان نمایشکردووە. ئەم هێزە سیاسیانە تەنانەت لەداواکردنی ڕیفۆرمیشدا نەیانتوایووە فیگوری (کوڕی بێزراو) تێپەڕێنن، بۆنمونە بەرەی (ڕیفۆرم) هەر سەرەتا باسیان لەپیربوونی باوک کرد، ئینجا وەک هەموو کوڕێکی نێو ماڵ کەزۆر پێڕابکێشێت، باوکی گەورە هەموویانی کردە دەرەوە. هەندێکیان نەیتوانی زۆر لەدەرەوەی ماڵ هەڵبکەن وگەڕانەوە. هەندێکیش بەپڕۆسەی (دەمکوتکردن) ڕازین، بەمەرجێک دەستی ڕەحمەتیان بۆ درێژ بکرێت. هەندێکیشیان بەپەڕوازەیی هێشتا بەشەرمنیەوە تاوێک دەچێتەوە ماڵەوە بۆلای باوک وتاوێک گلەیی دەکەن وتاوێکیش بێدەنگ دەبن، بەم شێوەیە چیرۆکەکە لەهەموو کون وکەلەبەرێکی ئەم

دەڤەرەدا خۆی دووبارەدەکاتەوە.

لەسەر ئاستی بیروراکانیش ئەم چیرۆکە مێژووی خۆی هەیە: هەموو ئەو هێزانەی لەسەرەتای حەفتاکانەوە بانگەشەی ئازادی مرۆڤ وئازادی ژنان ویەکسانی کۆمەڵایەتی و دژە فاشیەتیان دکرد، زۆری نەخایاند کەوتنە تەحالوفاتەوە لەگەڵ هەموو بەهاو نەریت وهێزانەی کەخۆیان لەماڵی ئەواندا دەرکرابوون. ئیدی چیرۆکی ئەو کورە بێزراوانەمان بینی چۆن بۆ بەردەمی باوک وبرا دێرینەکانیان ڕادەکەن، بۆ بەردەمی تەکیەکانیان هەناسکەبڕکێیانە. هەموو ئەو گۆڕانە ڕادیکاڵانەی بانگەشەیان بۆدەکرد لەئاشتبوونەوەیەکی بەردەوامدا بوو لەگەڵ ماڵە کۆنینەکەیاندا. هەرچەندە شەڕوپێکدادانیش ڕوویدابێت، بەڵام هەمیشە پێکدادانی نێوان کورەبێزراو وبراکان بووە، پێکدادانی کورەعاجزەکان بوون کەبۆ ئاشتبوونەوە هاربوون، ولەگەڵ یەکەم دەست درێژ کردن هەموو ئەو زۆرانبازیە کۆتایی پێهاتووە. ئیدی لەمارکسیەت و کۆمۆنیستی وسۆسیال دیموکراتیەوە هاتینەوە نێو دیوەخانە کۆنینەکان. ئێستاش وای لێهاتووە لیژنەی عەشایر لەجیاتی دادگا بڕیاردەدات و عەشیرەتەکانیش بنکەی ڕۆشنبیریان هەیە ورۆژنامە ئازاد ورۆشنبیرە جیدیەکانیش بەردەوام لەژێر هەڕەشەی نابڕین وسانسۆر و توندکردنن لەزیندانەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا.
نەوەی نوێش هەر هەمان دەردەسەری توشبووە، هەموو خۆپیشاندانێک و هەراو هوریاو کۆبوونەوەیەکیان لەدژی باوک ودەسەڵات تائەو سنورە بڕەدەکات کەباوک دەستی میهرەبانیان بۆ درێژ دەکات، ئیدی بۆ خۆیان لەدەرگای پشتەوە دێنە نێو موبەقەکانەوە وبەدووی پاشماوەی باوک وبراوخوشکە بەدەسەڵاتەکاندا دەگەڕێن ولەبن سوچ و پەنا وقەرەوێڵە شکاوەکانی ماڵدا شەو ورۆژ دەکەنەوە. دەسەڵاتیش شارەزای هەموو ئەم یاریە خۆشەیە،دەزانێت کەی وازیان لێدەهێنێت ئاوارەو برسی بن وهەرکاتێکیش زانی خەریکە لەگەڵ ئاوارەیی خۆیاندا ڕادێن و دانی ئۆپۆزیسێۆن دەردەکەن و دەبنە کوری ئۆپۆزیسێۆن، دەیانگەڕێنێتە ماڵەوە و دەرگای پشتەوەی ماڵەوەیان بۆ دەکاتەوە...

*لەژمارە 361 ی ڕۆنامەی هاوڵاتی ڕێکەوتی 07.10.2007 بڵاوبۆتەوە.